

# یاداشتەکانم 5

لەتیف هەڵمەت

● هەڵسان و زوربوون و تووڕەبوونی زستانەی خڕەکەی کفری، ئەفسانەو دیرۆك و چیرۆك و کاریگەرێتی جادوویی خۆی هەبوو" کاتێ ئاوی چەمەکە هەڵدەستاو تووڕە دەبوو ئیتر گەلێ لەلاوان و منالان و بەسالاچووانی خەلکی کفری لەگوێی چەمەکەدا کۆ دەبوونەوەو تەماشای ئەو دارو درەخت و دەوەن و تاشەبەردو ئاژەڵە خنکاوانەیان دەکرد کە ئاوی خڕەکە لەدوورەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهانین و گەلێ کەس بە سەرسورمانەوە باسی ئەو درەختە گەورانەیان دەکرد کە ئاوەکە لەرەگ و ریشەوە دەری هێناون و راپێچی ناو شەپۆلەکانی خۆی کردوون و لەپڕ لەسووچێکی گوێ چەمەکەوە پیرەمێردێکی دەست بەگۆچان هاواری دەکرد بابە ئێوە چیتان دیوە، من منالّ بووم لەم گوێ چەمەدا وەستابووم و ئاوی تووڕەی ئەم خڕە بێشکەیەکی بە کۆرپەیەکەوە هێناو نووساندی بەقەراغی چەمەکەوەو کوڕوکاڵی شار بێشکەکەیان لەئاوەکە دەرهێناو رووانیان هێشتا زیندووەو پەنجە توتەی لەدەمیدا دەکرۆشت و وەکو مەمکی دایکی شیر لەپەنجەی دەچۆڕاو دەیمژی.. یەکێکی دی رووداوێکی دی دەگێڕایەوەو دەیگوت: لەبیرمە ئاوی ئەم خڕە بەجۆرێك بەرزو بڵند دەبووەوە چەپۆکانی دەکرد، سواری بەئەسپەوە تل دەداو ملی دەشکاندو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد..

من لەماڵەوە لەناو ئەو ئەفسانەو بەندو باوو شیعرو دیرۆك و سۆزو هۆرەی دەروێش و باسی جنۆکەو پەری و حۆری و بەهەشت و جەهەنمانەدا چاوی تەمەنم و گوێی منداڵێتی و هەرزەکارێتیم پشکوت و لەدەریشەوە ئەو هەموو بارودۆخە پڕ لەجادووگەری و داب و نەریتی کۆمەلایەتی و بیروباوەڕی جۆربەجۆرو هەقایەتی پڕ لەدێوو درنج و ئەرژەنگ و خدری زیندەو باس و خواستی هێزو توانای دەروونی و رۆحیە ئابلّووقەی هەر هەموو چرکەکانی تەمەنی ئەو سەردەمیان دابووم و لەلایەکی دیشەوە رووخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری لەعێراقدا کە ئەو سەردەمە کوردستانی خوارووش راستەوخۆ بەعێراقەوە گرێ درابوو.. گەلێ گۆڕانکاری چەپ و راست و ئاشکراو نهێنی لەگەڵ خۆیدا بەرپاکردو ئەو بارودۆخەش لەسەرێکەوە کۆمەلێ دروشمی پێشکەوتنخوازانەو نوێگەری و بەرەوپێشەوەچوونی هێنایە بواری ژیانی ئەو دەمەوەو لەسەرێکی دیبەوە بڕێ ئەفسانەی نوێی لەفەرهەنگی ژیانی ئەو رۆژگارەدا تۆمارکرد، من هەرەتی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریم تیادا بردە سەر..و هەریەکەو هەر لایەنەو بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەری و مۆرك و هەتەری تایبەتمەندی خۆی لەسەر هزرو بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و رەوتی شیعری و بۆچوونەکانم لەبارەی ژیان و شیعرەوە هەبووەو هەیەو پشت بەخوای مەزن لەئەڵقەکانی دی ئەم بیرەوەرییانەدا کە بیرەوەری خۆم و ئەو شارەیە -شاری کفری- کە بەیەکێك لەخۆشترین و ئەفسووناوی ترین شارەکانی کوردستانی خوارووی دەزانم و واهەست دەکەم بۆ هەرکوێ برۆم لەگەڵمدایەو لەهەر کوێ بم لەگەڵیدام و یاری هەڵماتێن و میزراحێن و کۆسە بەبارانەو هەلوکێن دەکەم لەگەڵ منالە هەژارە دەوڵەمەندەکانیداو کۆلارەی رەنگاورەنگ دروست دەکەم و لەسەر باڵەخانەکەمانەوە بەرەلای حەلحەلەی ئاسمانی سامالّی دەکەم.

من تەمەنم دە، دوازدە سالێك دەبوو، ئەو کاتەی کە پاشایەتی رووخاو رژێمی کۆماریی لەعێراقدا دامەزرا.. ئەم رووداوە خۆی لەخۆیدا بارودۆخێکی ئەفسانەیی هەبوو، زۆربەی سەرچاوە نووسراوەکان ئەوە دەخەنە روو کە شۆرشی چواردەی گەلاوێژ کە بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم ئەنجامدرا. (هەندێ نووسەر لەنووسینەکانیاندا سوورن لەسەر ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم عەرەب نەبووەو عەرەبچێتی نەکردووە) رووداوێکی بەپەلە بووەو هەلێك بووە هەلکەوتووەو بەرهەڵستکارانی رژێمی پاشایەتی قواستوویانەتەوەو شۆڕشەکەیان بەرپاکردووەو ئەم شۆڕشە وەك من لەیادم مابێ، کۆمەلێ بەندو باو و ئەفسانەی دروستکرد وەکو ئەوەی هەندێ لەپیاوانی بەساڵدا چوو دەیانگوت تازە لەدوای -مەلیك فەیسەڵی دووەم.. مەلیکە بچکۆل- ئیتر عێراق ناحەوێتەوەو تووڕەیی خوا دوای دەکەوێ و نایەلێ خەلکی عێراق بەئاسوودەیی بژین، چونکە مەلیك فەیسەڵ لەنەوەی پێغەمبەرە-د.خ- هەندێ کەسی دی کە هەم مەلیك فەیسەڵیان خۆشدەویست و هەم بەهاتنە کایەو دامەزراندنی رژێمی کۆماریی بەختەوەر بوون و کەوتبوونە جیهانێکی نوێوەو هاتو هاوارو دروشمی بریسکەدارو تایتلی هەواڵ و دەنگوباسە رەسمی و نارەسمییەکان مەست و سەرخۆشی کردبوون. دەیانگوت: مەلیك فەیسەڵ بەبێ ئاگادارکردنەوەی عەبدولکەریم قاسم کوژراوەو کۆمەلێ ئەفسەری چەواشەکارو سەرەڕۆ دەسرێژیان لێکردووەو بەناڕەوا کوشتوویانە..

ئیتر شان بەشانی ئەم تاوتوێکردنە لەشاری کفریدا رێپێوانی پشتگیری کردنی سیستەمی کۆماری و عەبدولکەریم قاسم بەبەردەوامی و بەگەرمی و سەرچۆپی گرتنەوە سازدەکراو هەڵپەڕکێ و رەشبەلەکی کوردانە جۆش دەدراو زۆربەی ئەو ئاهەنگانە لەو گۆڕەپانەدا ساز دەکرا کە کەوتبووە نێوانی مالّی ئێمەو مالّی خوالێخۆشبوو حاجی حەمەعەلی لالّ و دیواری منارە نەخشینەکەی مزگەوتی خانەقای کفرییەوە کە کاتی خۆی بەپێشنیاری جەنابی شێخ عومەری بیارە دروستکراوە..

زۆرینەی خەلکی کفری لەو بەزم و رەزمەدا ئامادە دەبوون، بەلام داینەمۆی سەرەکی ئەو جۆش و خرۆشەی ئەو دەمە کوردپەروەرێك بوو بەناوی

(مەلا سابیر سەڵتە زەرد).

لەم هەراو زەناو ئاهەنگ و هەڵپەڕکێیانەدا گەلێ سرودو گۆرانییان دەگوت کە من بەمێشکی منداڵێتیم کەڵکم لێ دەبینین وەکو سرودی –کەس نەڵێ کورد مردووە–ی شاعیرو ڕۆشنبیری نوێخوازو جوانەمەرگ یونس ڕەئوف ناسراو بە (دڵدار) و سرودی –ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە–ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس و پێشەنگی ڕۆشنبیری نوێ لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پیرەمێردو..هتد.

جگە لەوەش لەناو بازاڕو شەقامەکانی کفریدا چەندین کەس بەدەستەو سەفتە وێنەی فۆتۆگرافی گەورە گەورەی هەموو یاخود زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژیان دەفرۆشت وەکو (عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و موحەمەد نەجیب ڕوبەیعی و ئەحمەد ساڵح عەبدی و چەندینی تر).. هەر لەبیرمە هەندێ لە وێنەفرۆشەکان هاواریان دەکرد: قارەمانی کوردستان عەبدولکەریم قاسم گیان.. یاخود دەیانگوت: عەبدولسەلام گیان بولبولی کوردستان..

شایانی باسە شان بەشانی ئەو وێنانە وێنەی شێخ مەحمودی حەفیدو بارزانی مستەفاو شێخ سەعیدی پیران و لینین و قازی موحەمەدو هەروەها جاربەجاریش وێنەی جەمیلە بوحەیرەدی جەزائیری دەفرۆشران..

دەبێ ئەوەشم لەبیر نەچێ ئاهەنگی پارتی و حزبی شیوعی لەبۆنەکانی چواردەی گەلاوێژدا جیابوو، هەرلایەك جەماوەرو دروشم و سرودی خۆی هەبوو.. سرودی ئەی ڕەقیب و ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە هاتەوە لەلایەن پارتییەوە کە ئەو دەمە تاکە حزب بوو کە داوای مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد بکات قۆرخ کرابوو بەسەردەمی هەموو ئەوانەوە بوو کە پارتی و لایەنگرانی پارتی بوون..

سرودی برادەرانی حزبی شیوعی و لایەنگرانیشی ئەو سرودانە بوون کە باسی ئاشتی و برایەتی گەلانی دونیایان دەکردو هەر لەبیرمە یا ساڵی 1959بوو یاخود ساڵی 1960 لەدوکانێکی گەورەدا بەرامبەر بەئوتێلەکەی خوالێخۆشبوو حاجی ڕەوف، میکرۆفۆنێکی مۆدێلی ئەو سەردەمە دانرابوو (لەڕاستیدا بەتەواوی نازانم ئەو شوێنە هەر بەڕاستی دوکان بوو یاخود یەکێك بوو لەبارەگاو نووسینگەکانی برادەرانی حزبی شیوعی) هەرکەسێ شیعرێکی ئاشتیخوازانەی لەبەر بووایە بەتایبەتی منداڵ دەچوو لەوێوە شیعرەکەی دەخوێندەوە..

هەر لەیادم ماوە ڕۆژێکیان دەوری دوکانەکە قەرەباڵخ بوو هەتاکو بەردەمی چاخانەکەی حەمە فەخە منداڵ و زەلام و لاو پاڵەپەستۆیان دەکردو دەنگی منداڵێك لەمیکرۆفۆنەکەوە هات و گوتی:

**کۆترێ هاتە بان دارێ بی**

**وتی: بابژی حزبی شیوعی...هتد.**

ململانێی ژێر بەژێرو ئاشکرای پارتی و شیوعی لەشاری کفریدا ململانێیەك بوو دەچووە بازنەی جەنگی ساردەوەو زیانی گیانی و دارایی نەبوو، چونکە خەڵکی شارەکە هەموویان ناسیاو و خزم و خێڵ و هۆزی یەك بوون.. بەڵام هەردولا هەوڵی ئەوەیان دەدا سەرنجی زۆرترین جەماوەر لەکفریو دەوروبەریدا بەلای خۆیاندا ڕابکێشن..

هەر بۆنمونە برادەرانی حزبی شیوعی پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر سیستمی عێراق ببێ بەسیستمێکی شیوعی هەرکەسێ خانوویەك زیاتری هەبێ زیادەکان بەسەر ئەو هەژارانەدا دابەش دەکرێن کە خانوویان نییە..

برادەرانی حزبی شیوعی شان بەشانی بیری نوێ و هەست و هزری شارستانی و ڕۆشنبیری هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازو لەبارو گونجاو بۆ ئەو سەردەمەی کفری.. کۆمەڵێ بەندو باو و ئەفسانەو شتگەلی وەکو خەونیان دروستکرد، و هەندێ لەبرادەرانی حزبی شیوعی دەچوون بۆ گوندەکانی دەوروبەری کفری و دووزو هتدو بەخەڵکەکەیان دەگوت ئەوەی دەنگ بۆ حزبی شیوعی بدات ئێمە تراکتۆرێك یاخود پێکابێك یاخود لۆرییەك یا قەمەرەیەکی دەدەینێ، ئیتر ئارەزووی خۆیەتی کامیانی دەوێ (ئەو دەمە لەکفری بەئۆتۆمبێلی جۆری تەکسییان دەگوت قەمەرە)" جوتیارێك وتبووی: من قەمەرەم دەوێ و ناوی نووسرابوو گوایە ماوەیەکی دی قەمەرەیەکی بدەنێ.. دوای ئەوەی کە لیژنەی ناو تۆمارکردن بەرەو گوندێکی تر دەڕۆن هەندێ لەناسیاوەکانی جوتیارەکە دەڵێن کاك فلان کەس بابە تۆ قەمەرەت بۆچییە.. ئەم دێیەی ئێمە هەمووی قوڕو قوڕاوەو شەقام و جادەی قیرتاوکراوی تیا نییەو قەمەرەکەت بەدووسێ ڕۆژ هەپروون بە هەپروون دەبێ.. جوتیارەکەش ناچار سواری هێسترێك دەبێ و دوای لیژنەکە دەکەوێ و لەدێیەکی دەوروبەری دێیەکەی خۆیان پێی دەگاو بەهەناسەبڕکێوە دەڵێ: برادەران بەخوا من قەمەرەم ناوێ و قەمەرە بەکەڵکی ڕێگاوبانی گوندەکەی ئێمە نایەت و پیکابێکم بدەنێ، ئەوانیش دەڵێن بەسەرچاو ئەوە دەنووسین لەباتی قەمەرە پیکابێکت دەدەینێ.. ئیتر ئەویش بە خۆشی خۆشییەوە بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێتەوە..

شایانی باسە من لەدڵەوە لایەنگری حزبی شیوعی بووم و خزمە شێخە دەمارگیرەکانم بە باوکمیان گوتبوو: سەیری سەر دەرگاکەتان بکە لەتیفی کوڕت وێنەی خرۆشۆف و دوژمنانی خواو پێغەمبەری بەسەر دەرگای حەوشەوە هەڵواسیوە.. لەڕاستیدا من لەدڵەوە ئەوەندە کەوتبوومە ژێر کاریگەری پروپاگەندەی هێڵی سوورەوە کاتێ کە گوتیان کوتاڵی ڕووسی بۆ بازاڕی کفری هاتووە یەکسەر ڕامکرد بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی کوتاڵی ڕوسی ببینم و کاتێ بینیم ئەوەندە دڵم خۆش بوو وامزانی هەموو ڕوسیام بینیوە..

لەم سەردەمەدا واتا لەسەرەتای شۆڕشی 14ی گەلاوێژی 1958داو دواتریش هەتاوەکو سەرەتاکانی ساڵی 1961 خەڵك بەسەرگەرمییەوە بەرگرییان لەدروشمەکانی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق و حزبە نەتەوەیی و چەپڕەوەکانی کوردستان دەکردو زۆر دڵسۆزانە لەقوتابخانەو بازاڕو ماڵ و دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە دەڕژانە سەر شەقامەکان و وێنەی عەبدولکەریم قاسم–یان بەرزدەکردەوەو بژی عەبدولکەریم و بڕووخێ داگیرکەریان دەکرد، وادیارە خوارووی عێراقیش هەروەها بوو، چونکە زۆرجار کە ڕادیۆ باسی عەبدولکەریمی دەکرد زۆرجار دەیگوت: (زعیمنا الاوحد.. الاوحد.. الاوحد.. الاوحد.. الاوحد و..هتد عەبدولکەریم قاسم...)" شانبەشانی بەرەوپێشچوون و بیری نوێ و ڕزگاریخوازی و دروشمی هاوکووفی سەردەم گەلێ بەیت و بالۆرەو قسەی قۆڕی بێ سەروبن کەوتە سەر زاری هەندێ لەکەسانی خوێڕی و لەگام و هەرچی و پەرچی و گومانلێکراو وەك:

**تەزبیح دەسم باغەیە**

**کەرەکەی ژێرم ئاغەیە**

**تەزبیح دەسم مێخە**

**کەرەکەی ماڵمان شێخە**

**ماڵمان لەلای بەغایە**

**کەرەکەی ژێرم ئاغایە**

**چیتان دەوێ ئەی بەزاز**

**ئیعدامی سەعید قەزاز**

**چیتان ئەوێ ئەی میللەت**

**نان و گان و ئیسراحەت...هتد.**